کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
1-8-2007 20:27 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دوو نوسین لەسەر یە ک بابەت لە لایان دوو ناوی لەیە ک نزیک بە ناوی چەند سەرنجێک لە سەر لێدوانەکەی دکتۆر ئەڕسەلان باییز دەربارەی کوژرانی (عوسمان سەر سۆر) ئەندامی پێشوی پەرلەمانی کوردستان ... باوکی شازد**

خوێینەرانی خوشەویست گەر بیت و بە باشی و بە دیقەتەوە سەیری ئەو دوو نوسینە بکەیت لە یە ک ڕۆژ کە هەردووکیان ئیمێلی خۆیان نوسیوەو وەکوو یە کتر وان تەنها ئەوەی کوردستان نێت خەتەکەی (_) لە خوارەوەیەو هی کوردستان پۆست لە ناوەڕاستەوەیەو (-) بە یە ک ناو کە (کامەران موحەممەدە) لە هەردوو ئێمێل، کە مەرج نیە نوسەر ئیمێڵی خۆی بنوسێت بەڵام ناوەرۆکیان فەرقی بەینی ئەرزو ئاسمانە نازانم ئەوە کاری لە سەر کراوە یان هەر بە سودفە ڕوی داوە کە پێ ناچێت سودفە بێت، وە لە کوردستان نێتیش دەسکاری نووسینی کەس ناکرێت هەتا ئەوەندەی من ئاگادار بم. بە هەر حاڵ هەرچی بێت من وەکوو چاودێرێک دەمەوێت تۆزێک لە سەر بابەتەکەی کە لە کوردستان پۆست نوسراوە وەکوو کەسێکی بێ لایەن هەندێک بۆ چوونی خۆم دیار بخەم لە سەر ئەو بابەتە هەر چەندە منیش لە هەمان ڕۆژ شتێکم نوسیبوو لە ماڵپەڕی کوردستان نێتی خۆشەویست بڵاو کرابووەوە بەڵام حەز ئەکەم ئەو ڕۆنکردنەوانەش بدەم لە بەر ئەوەی بە پێویستی دەزانم... تەوەری یەکەم نوسەری بەڕێز کاکی پارێزەر کامەران زۆر توندی و داخ لە دڵی بە نوسینەکانیەوە دیارە بەرامبەر کاک ئەرسەلان لەوە دەچێت هەر خۆی نوسینەکەی پێشوی کە بەناوی کەسێکی نزیک لە دەزگای زانیاری لە سەر کوشتنی خوالێخۆشبوو عوسمان سەر سۆر بڵاو کردبێتەوە، بەڵام ئەو جارەیان باسی زۆر شتی تریشی وروژاندوە کە بۆنی جنێو دان و سوکایەتی کردن بە زۆر کەسوو لایەنی سەرکردایەتی کوردی لێ دێت، دیارە مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە برینە کۆنەکان هەڵبدەداتەوە کە تەنهاو تەنها خزمەتی دوژمنانی گەلەکەمان نەبێت ودەرگای کردنەوەی فیتنە نەبێت هیچی تر ناگەیەنێت بۆیە پێویستە ئەو جۆرە کونانە کە بۆنیان ناخۆشە دابخرێن بە تایبەتی لە و کاتەی کە گەلەکامان پێویستی پێ ی نیە ئەو مەسەلانە بێتەوە بەر باس و لێکۆڵینەوە هەڵبەتە من مەبەستم شەڕی ناوخۆیە کە هیوادارم جارێکی تر کەس نەیبینێتەوە... بەنسبەت تەوەری دوەمی قسەکانم کاکی نوسەر دیارە باس لەوە دەکات کە ئەو کەسێکی چەپەو دژی ناوی بریقەدارو خێڵایەتی و ووشەی ئاغاو سەرۆک عەشیرەت و شتی لەو بابەتانەیە ئێمەش لە کاتی خۆی وەکوو تۆ وا بووین، بەڵام دیارە جەنابیان ئاگاداری وەزعی ناو عێراق و کوردستان نین پاش جێ بەجێ کردنی پڕۆژەی ئازادی و چەسپاندنی دیموکراتیەت و هەڵبژاردنەکان، جارێکی تر سیستمی خێڵایەتی سەری هەلداوەتەوە کە لە زەمانی حوکمی مەلەکیش بەم شێوەیە نەبووەو ئەمریکا بەو هێزە گەورە و زەبەلاحەی خۆی پەنای بۆ سەرۆک عەشیرەت و سەرۆکی خێڵەکان بردوە بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن بۆ لەناو بردنی توند ڕەوەکانی تێرۆریستی قاعیدە وە هەتا حەددێکیش سەرکەوتنی بە دەست هێناوە لە ئاڵۆز ترین ناوچەی شەڕو پێکدادانی سونیەکان لە شاری ڕومادی. وە لە کوردستانی خۆمانیش ئیستا سەرۆکێ عەشیرەتەکان دەورێکی باڵایان هەیە لە نێو هەردوو پارتی سەرەکی لە کوردستان، تازە بەتازە جانابت قەوانە کۆنەکەی مارکەسیەتمان بۆ لێ دەدەیت کە زەمانێکە ئێکس پایەر بووەو کەس ئامادە نیە گوێی لی بگرێت وە تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیش لە کۆنگرەی دووی ساڵی 1992 خۆیان تواندەوە لە ناو قاوغی سۆشیال دیموکراتیەکەی (ی. ن. ک)، چۆن ئەو فیکرەیە بە جەنابت نوێ دەکریتەوە خۆت دەزانی ئێستا ڕۆژی بازرگانی ئازادو عەولەمەو ئێنتەرنێتە، بیرو بۆچونەکانت بوونە بە حیکایەتی (هەبوو نەبوو) دەمیان بە سەر چووە ئێستا خەڵک بە شیوەیەکی تر داوای مافی مرۆڤ و ئازادی گەلان دەکات و زەمان گۆڕاوە... تەوەری سێیەم باسی شەخسی کاک ئەڕسەلانت کردوە کە زۆر دڵ ڕەقی و بریندار کردنی کەسی تیا دا دەبینرێت، یە کەم ئەو کەسە بەهۆی بنەماڵەکەی نەبۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەڵکوو بیرو بۆ چوونەکانی دژی سیستەمی ئاغایەتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بوە کە خۆی یەکێک بووە لە بنەماڵەی ئاغاکانی دزەیی، وە هەروەها سەرکردەیە کی سەربازیش نەبوە بە هێزی چەک و سەرکەوتن لە شەڕەکان لە گەڵ دوژمن خۆی پێ گەیاندبێت پیاوێک بووە خوێندەوارو نوسەر کاری سیاسی کردوەو زۆر ناخۆشی و بەندیخانەو لێدان و تەعزیبی دیوە، پلە بە پلە سەرکەوتوەو بە خۆی و پێنوسەکەی لە شاخ بووەو کاری کردوە شتی باشی نووسیوە بۆ پێشمەرگەو ڕێکخستن تا گەیشتوە بەم ڕۆژە، ئێستاش کەسیکی وەکوو جەنابتان واتان لێ کردوە کە بە کەلک هیچ لێپرسراویەک نایەت بە بۆچونی تۆو هاو شیوەکانی وەکوو جەنابت کە من ناڵیم کەسێکی فوول عەیارە لە بەر ئەوەی هەمووکەسێک کار بکات هەڵەش دەکات بەڵام مەرج نیە ئەو هەڵەیە کارە باشەکانی بسڕێتەوەو بیکات بە خاڵی سفر، هەر تاوانێک سزای خۆی هەیە بە گوێرەی گەورەو بچوکی، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی من دکتۆر ئەڕسالان بایز بە کەسێکی سیاسی و میان ڕەو دەزانم لە ناو یەکێتی وە من وەکوو خەڵکی شاری هەولێر شانازی پێوە دەکەم کە توانیویەتی بگات بەم پلەو پایە سیاسیەی کە ئێستا هەیەتی. شتێک هەیە دەمەوێت هەموو لایەکتان باش بیزانن بە گۆڕی هەموو شەهیدانی کوردستان کە خۆم خاوەنی کۆمەڵێک شەهیدی سەر بەرزم باوەڕ بکەن بەم ناوەی کە ئێستا هەمە نە ئەڕسەلان و نە کەسی تریش نامناسێت و نازانێت من کێم و نامەوێ کەسیش بمناسێت بەڵام هەق دەبی بووترێت، تەنها بەڕیز کاک عومەر فارس نەبێ ئەویش مافی خۆیەتی کە یەکێک لە سایتەکەی ئەو شت بنوسێت دەبێ زانیاری هەبێت کە ئەو کەسە کێیە کە شتی بۆ ڕەوانە دەکات ئەوەش یەکێکە لە نهێنیەکانی کاری ڕۆژنامە نووسی لە گەڵ ڕێزی بێ پایانم بۆ کوردستان نێت... تەوەری چوارەم باسی ئەوە دەکەیت کە ئەڕسەلان لە کاتی لێدان و تەعزیبی ڕژێمە فاشستەکەی سەددام هاواری کردوە دیارە بەڕیزتان ئەو ڕۆژە ڕەشەیەتان نە چێشتوەو نە تان دیوە لە کاتی تەعزیب هاوار کردن باشترین مقاوەمەیە بۆ ئەوەی دان بەخۆت بگریت و هیچ نهێنیەک نەدرکێنی کە ببێتە هۆی بە هیلاک دانی هەڤاڵەکانت ئەوە مانای ئەوە نیە کە کەسێک هاوار بکات لە کاتی تەعزیب ترسنۆک بێت هەر وەکو ئیشارەتتان پێ کردوە ئەگەر قسەکەتان وابێت کە ئەڕسەلان هاواری کردبێت مانای ئەوەیە شایەتی بۆ دەدەن کە مرۆڤێکی بەرگە گر بووە، باسی ئەوەتان کردوە کە ئیعترافی لەسەر هەڤاڵانی خۆی کردوەو حوکمی ئیعدام دراون ئەگەر ڕاستە شتی وا هەیە فەرموون ناوەکانیان بڵین هەر چەندە من زۆر دڵنیام کە شتی وا نەبووە لە بەر ئەوەی ئەگەر شتی وا هەبوایە ئێستا ئەڕسەلان بایزیش یان وازی لە کاری سیاسی هێنابوو یان ێێستا ئەندامێکی کپ و بێ دەنگ دەبوو لە ئۆرگانێکی خوارەوە لە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی هەروەکوو زۆر کەسی لەو بابەتە هەیە و مەرجیش نیە ئەو کەسەی کە ئیعترافی کردبێت بە زەبری لێدان کەسێکی خائین بووبێت دیارە لە بەر هۆیەک لە هۆیەکان بەرگەی نەگرتووە جا چی هۆی جەستەیی فیزیکی بێت یان دەروونی بێت، لەوانەیە لە کۆمەڵەی زیندانە سیاسیەکانیش وەریان نەدەگرت لە بەر ئەوەی پێ یان دەوت ئێعترافچی، دەبێ ئەوەش باش بزانیت (ی. ن. ک) ئەوەندە بێ ئاگاو ساویلکە نیە کەسێک بەو مواسەفاتەی جەنابتان باسی لێوە دەکەن بکات بە ئەندامی م. س بۆیە من قسەکانی بەڕێزتان بە بی بنەماو فش دەزانم وهیچ ئەسلی نیە تەنها بۆنی کوتلەو کوتلەکاری لێ دێت بە موشکیلەیەکی شەخسی دادەنێم لە نێوانی خۆت و کاک ئەڕسەلان کە خستۆتە ناو قالبی بەر گری لە مافی کەسێکی بێ تاوان کە بە ناهەق کوژراوەو لە جیگایەکی دوور لە دەسەڵاتی یەکێتی ڕوویداوە زۆر بۆچونی جیاواز هەیە لە سەر شەهید کرانی ئەو کەسە بێ تاوانە بۆ دەبێ بخرێتە سەر شانی یە کێتی و بە تایبەتی کەسێکی هەست ناسکی وەکوو دکتۆر ئەڕسەلان کە باوەڕ ناکەم نە بەدەستی خۆی و نە بە بڕیاری ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان یە کێک کوژرابێت یان تووشی مل شکان بووبێت بە قەڵەمە بوێرەکەی ئەو پیاوە... تەوەری پێنجەم و کۆتایی باس لە شەهادەی تەزویر دەکەیت هەموو کەسێک دەزانێت لە عیراقی کۆن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

واتە ساڵانی حەفتاکان هیچ کەسێک بە بێ ئەوەی پلەیەکی دیاری کراوی نە بوبێت لە زانکۆ وەر نەدەگیرا کاک ئەڕسەلان بڕوانامەی زانکۆی ئەو کاتە وەر گرتوە کە قابلی موناقاشە نیە بە نسبەت بڕوانامەی دکتۆراکەشی ئەویش وەکو هەمووو تاکێکی کۆمەل مافی خۆی هەبوە ببێت بە خاوەن شەهادەی بەرز باشە ئەگەر لەم ئاستە نەبوبێت بۆ زۆر لە ئەندامانی تری سەرکردایەتی کە زیاتر خاوەن دەسەڵات ودەرچووی زانکۆ بونە بۆ نەیان توانیوە بڕوانامەی دکتۆرا بە دەست بێنن بۆیە من ئەو بۆچونەی جەنابتان بە کاری چاو پێ هەڵنەهاتن و حەسودی دادەنێم کە خۆتان نەتان توانیوە بە دەستی بێنن، هەرچەندە مرۆڤ بە بروانامە هەڵناسەنگێنرێت. هیوادارم هەموو لایەک دوور بن لە تیرو توانجەی ناحەزان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.